# یەکەم گەشتی سیسی بۆ ئەنقەرە؛ پەیوەندیی نێوان میسر و تورکیا دوای ١١ ساڵ چۆن گۆڕا؟

**وەرگێڕانی لە فارسییەوە:** پێنووس

بڕیارە ڕۆژی 4ی ئەیلوولی ٢٠٢٤ عەبدولفەتاح سیسی، سەرۆکی میسر، بە مەبەستی بەشداریکردن لە کۆبوونەوەی "ئەنجومەنی باڵای هاریکاریی ستراتیژیی نێوان تورکیا و میسر" سەردانی ئەنقەرە بکات. یەکەم سەردانی سیسی بۆ تورکیا کە لە ساڵی 2013 بە کودەتایەک لە میسر هاتە سەر دەسەڵات، زۆر گرنگە، چونکە ئەوە نیشاندەری گۆڕانە لە "دوژمنایەتیی گەورە"وە بۆ "دۆستایەتیی گەورە" لە پەیوەندییەکانی ئەنقەرە و قاهیرەدا. لەم دیدارەدا ڕەجەب تەییب ئەردۆغان و سیسی چەندان ڕێککەوتننامە واژۆ دەکەن کە پەیوەندییە دووقۆڵییەکان بەرەو ئاستێکی نوێ بەرز دەکەنەوە. هەروەها لە دیدارەکەدا پرسەکانی ناوچەکە، بەتایبەت لیبیا و غەززە تاوتوێ دەکەن.

**ئامانجی هاوبەش: زیادکردنی قەبارەی بازرگانی بۆ ١٥ ملیار دۆلار لە ماوەی پێنج ساڵدا**

بڕیارە سەرۆککۆماری میسر لەگەڵ شاندێکی گەورە کە وەزیر و بەرپرسانی باڵای تێدایە، گەشت بۆ ئەنقەرە بکات. سەردانەکەی سیسی بۆ ئەنقەرە، دوای سەردانەکەی ئەردۆغان دێت بۆ قاهیرە لە مانگی شوباتدا کە هەردوو وڵات بە مێژوویی وەسفیان کرد. ئەردۆغان و سیسی سەرۆکایەتیی کۆبوونەوەکانی "ئەنجومەنی باڵای هاریکاریی ستراتیژی" دەکەن کە لە ئەنقەرە بەڕێوە دەچێت. پێشبینی دەکرێت لە چوارچێوەی "ئەنجومەنی باڵای هاریکاریی ستراتیژی" کە بۆ یەکەم جارە پێک دێت، هەنگاو بنرێت بۆ پەرەپێدانی پەیوەندییە ئابووری و بازرگانییە دووقۆڵییەکان و هاوکاریی هەردوو وڵات لە بوارەکانی وەک گەشتیاری، گواستنەوە، وزە، گەشتیاری و، پیشەسازییەکانی بەرگری. هەردوو سەرکردە لە کۆبوونەوەی ١٤ی شوباتدا ئامانجی زیادکردنی قەبارەی بازرگانیی نێوانیان بۆ ١٥ ملیار دۆلار لە ماوەی پێنج ساڵدا دانا.

وەک ئامادەکارییەک بۆ ئەو کۆبوونەوەیەی کە بڕیارە لە ئەنقەرە بەڕێوە بچێت، وەزیری دەرەوەی تورکیا و میسر، هاکان فیدان و بەدر عەبدولعاتی، سەرەتای مانگی ئاب لە قاهیرە کۆ بوونەوە. هەردوو لا ڕایان گەیاندووە کە کار لەسەر ئەو پرسانە دەکەن کە پەیوەندییان بە فراوانکردنی ڕێککەوتنی بازرگانیی ئازادی تورکیا و میسر و دەستپێکردنەوەی خزمەتگوزارییەکانی کەشتیی ڕۆ-ڕۆ(Roll-on/roll-off) بۆ گواستنەوەی ئۆتۆمبێل و هۆکارەکانی دیکەی گواستنەوە لە نێوان مێرسین و ئەسکەندەریە هەیە.

**٢٠١٣-٢٠٢٤: گۆڕانکاریی گەورە**

ڕاستییەکەی، بەها ڕەمزییەکانی سەردانەکەی سیسی بۆ تورکیا بەقەد ناوەڕۆکی ئەم گەشتە گرنگە. دوای ڕووداوەکانی ساڵی ٢٠١٣، ساردترین قۆناغی پەیوەندییەکانی نێوان تورکیا و میسر دەستی پێ کرد؛ ئەو پەیوەندییەی کە ساڵی داهاتوو (٢٠٢٥)، دەبێتە پەیوەندییەکی ١٠٠ ساڵە. سیسی کە بڕیارە لە ئەنقەرە بە پرۆتۆکۆڵی فەرمی پێشوازیی لێ بکرێت، لە ٣ی تەمموزی ٢٠١٣ لە کودەتایەکی سەربازیدا محەمەد

مورسی، یەکەم سەرۆکی هەڵبژێردراوی میسری لە کار لا برد و، دواتر بووە سەرۆککۆماری میسر. لەو کاتەدا تورکیا پەیوەندییەکی نزیکی لەگەڵ ئیخوان موسلیمین هەبوو و دەیویست پەیوەندییەکی گشتگیر لەگەڵ مورسی دابمەزرێنێت؛ ئەمەیش بە "میحوەری ئەنقەرە-قاهیرە" پێناسە دەکرا. دوای ڕووخانی مورسی، تورکیا یەکێک بوو لەو وڵاتانەی کە کاردانەوەی توندی هەبوو بەرامبەر بە کودەتاکەی سیسی و بۆ ماوەیەکی زۆر ئەم هەڵوێستەی پاراست.

لەم ساڵانەدا کە پەیوەندییەکانی نێوان هەردوو وڵات لە سەختترین ئاستیدا بوو و پەیوەندییە دیپلۆماسییەکان بەتەواوی پچڕا، ئەردۆغان، سەرۆکی تورکیا، بە شێوەیەکی شەخسی، سیسیی لە وتارەکانیدا دەکردە ئامانج و تەنانەت لە بانگەشەکانی هەڵبژاردندا بە "بکوژ" و "کودەتاچی" ناوی برد و ڕای گەیاند کە "هەرگیز تەوقە لەگەڵ سەرکردەکانی وەک سیسی ناکات."

ئەردۆغان لە وتارێکی بانگەشەی هەڵبژاردندا پێش هەڵبژاردنی دووبارەی شارەوانیی ئەستەنبووڵ لە ساڵی ٢٠١٩، پرسی کێشە دیپلۆماسییەکانی لەگەڵ میسر لە سیاسەتی ناوخۆدا بەکار هێنا و وتی: "ئایا ڕۆژی یەکشەممە دەنگ بە سیسی دەدەیت یان بینالی یلدرم (کاندیدی حزبی دەسەڵاتدار و سەرۆکوەزیرانی پێشووی تورکیا)؟"

**گەڕانەوە لە "تەنیاییی بەنرخ"**

ئەو قۆناغەی کە تورکیا کێشەی قووڵی دیپلۆماسیی لەگەڵ میسردا هەبوو، بەشێک بوو لەو قۆناغەی کە ئەم وڵاتە لە سیاسەتی دەرەوەیدا سیاسەتی "تەنیاییی بەنرخ"ی پەیڕەو کردبوو؛ زاراوەیەک کە ئیبراهیم کالین، ڕاوێژکاری باڵای ڕەجەب تەییب ئەردۆغان و سەرۆکی ئێستای ڕێکخراوی ئاسایش و هەواڵگری (MIT) بۆ وەسفکردنی سیاسەتی دەرەوەی تورکیا بۆ ئەم قۆناغە خستبووە ڕوو. لەو ماوەیەدا تورکیا، سعوودیا و ئیماراتی بە تێوەگلان لە کودەتاکەی ١٥ی تەممووزی ٢٠١٦ تۆمەتبار کرد و بەو هۆیەیشەوە پەیوەندییەکی سەختی لەگەڵ ئەو وڵاتانە هەبوو. هەروەها ڕەخنەکانی ئەمریکا و یەکێتیی ئەورووپا سەبارەت بە دامەزراندنی باری نائاسایی لە دوای کودەتاکە، بووە هۆی ئەوەی پەیوەندییەکانی تورکیا لەگەڵ ئەو وڵاتانە ئاڵۆزتر بێت. سەرەڕای ئەوانە، لە ساڵی ٢٠١٨وە یۆنان و کۆماری قوبرس لە پەیڕەوکردنی سیاسەتی گۆشەگیرکردنی تورکیا لە ڕۆژهەڵاتی دەریای ناوەڕاست، سەرکەوتنیان بەدەست هێناوە. جگە لەوەیش، بەشداریی ڕاستەوخۆی تورکیا لە ململانێکانی لیبیا و پێشهاتە نێودەوڵەتییەکانی دیکە، ئەنقەرەی ناچار کرد هەوڵی ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکانی لەگەڵ هەموو ئەو وڵاتانە بدات کە لەگەڵیاندا کێشەی هەبووە؛ بەتایبەت ئیسرائیل و میسر.

هەوڵەکانی ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکانی نێوان تورکیا و میسر کە لە ساڵی ٢٠٢٠ دەستی پێ کرد، تا ساڵی ٢٠٢٣ بەردەوام بوو، کە بووە هۆی ئەوەی کە هەردوو لا بە شێوەیەکی هاوبەش باڵیۆزیان دەستنیشان کرد. ئەردۆغان و سیسی بۆ یەکەم جار لە ٢٠ی تشرینی دووەمی ٢٠٢٢ لە مەراسیمی کردنەوەی مۆندیال کە لە قەتەر بەڕێوە چوو، یەکتریان بینی و بڕیاریان دا درێژە بەو پرۆسەیە بدەن.

**تورکیا چیتر هاتنی سیسی بۆ سەر دەسەڵات بە "کودەتا" ناو نابات**

گۆڕانکارییە گەورەکە لە پەیوەندییەکانی تورکیا و میسر، شێوازی پێناسەکردنی ئەنقەرەی بۆ ڕووداوەکانی

تەممووزی ٢٠١٣ گۆڕیوە. بۆ نموونە، لە ماوەی ساڵانی پەیوەندییە ساردەکاندا، ماڵپەڕی فەرمیی وەزارەتی دەرەوەی تورکیا ڕووداوەکانی ساڵی ٢٠١٣ی بە "کودەتا" وەسف دەکرد و ئاماژەی بەوە دەدا کە پەیوەندییەکانی تورکیا و میسر بەهۆی ئەو ڕووداوەوە بەتەواوی ئاڵۆز بوو. بەڵام لە ساڵی ٢٠١٩وە کە بڕیاری ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکان درا، دەستەواژەی "کودەتا" لە ماڵپەڕی وەزارەتی دەرەوەی تورکیا لا برا.

لە ئێستادا بۆ وەسفکردنی ئەوەی لە پەیوەندییەکانی نێوان هەردوو وڵات لە ساڵی ٢٠١٣دا ڕووی دا، ماڵپەڕی وەزارەتی دەرەوەی تورکیا نووسیویەتی: "دوای کۆتاییهاتنی دەسەڵاتی سەرۆککۆمار مورسی لە ٣ی تەممووزی ٢٠١٣، کاروباری نوێنەرایەتیی دیپلۆماسی لە پایتەختەکانی هەردوو وڵات لە تشرینی دووەمی ٢٠٢٣وە لەسەر ئاستی "charge d'affaires" ئەنجام دراوە." لە کاتی پرۆسەی ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکانی تورکیا لەگەڵ میسر، ڕەتکردنەوەی تورکیا لە ڕێگەدان بە چالاکیی دژە-سیسی و پڕوپاگەندەی لایەنگرانی ئیخوان موسلیمین کە لە تورکیا و بەتایبەتی ئەوانەی کە لە ئەستەنبووڵ دەژیان و تەنانەت ڕۆیشتنی بەشێکی زۆریان لەم وڵاتە، لە گرنگترین هەنگاوەکان بوو بۆ هەوڵدان بۆ ئاساییکردنەوەی پەیوەندییە دوولایەنەکانیان.

## خولی دیالۆگی چڕ

دوای چەندان ساڵ لە پەیوەندییەکانی نێوان هەردوو وڵات، تورکیا و میسر لەم دواییانەدا چوونەتە ناو پەیوەندییەکی چڕوپڕی دوولایەنەی ئاڵوگۆڕی دیپلۆماسی. یەکێک لە وەرچەرخانە گرنگەکانی ئەم پرۆسەیە بوومەلەرزەکەی ٦ی شوباتی ٢٠٢٣ بوو کە تورکیا و سووریای هەژاند. میسر یەکێک بوو لەو وڵاتانەی کە هاوکاریی مرۆیی بۆ تورکیا نارد و سەمیح شوکری، وەزیری دەرەوەی میسر لەو کاتەدا، چووەتە تورکیا بۆ ئەوەی کە لە کاتی سەردانیکردنی ئەو شوێنانەی کە بەهۆی بوومەلەرزەکە زیانیان بەرکەوتووە، سەبارەت بە ناردنی هاوکاری لە وڵاتەکەیەوە لەگەڵ تورکیا هەماهەنگی بکات. ئەو پێشهاتەی کە زیاتر دیالۆگی تورکیا و میسری بەهێزتر کرد، ئەو جەنگە بوو کە دوای هێرشەکانی حەماس بۆ سەر ئیسرائیل لە ٧ی ئۆکتۆبەری ٢٠٢٣ دەستی پێ کرد. هاکان فیدان، وەزیری دەرەوەی تورکیا کە لەم ماوەیەدا چەندان جار سەردانی قاهیرەی کردووە، هەوڵەکانی حکوومەتی میسری بۆ ناردنی هاوکاریی مرۆیی بۆ غەززە و دامەزراندنی ئاگربەستی، بەرز نرخاندووە.

## پرسی لیبیا و ڕۆژهەڵاتی دەریای ناوەڕاست

سەرەڕای باشتربوونی پەیوەندییەکان، تورکیا و میسر بۆچوونی جیاوازیان لەسەر هەندێک بابەتی ناوچەکە، بەتایبەتی سەبارەت بە لیبیا هەیە. تورکیا و میسر لە جەنگی ناوخۆی لیبیا لە لایەنی بەرامبەردا بوون و ئەم دۆخە لە بنەڕەتدا نەگۆڕاوە. بەڵام تورکیا لەم دواییانەدا پەیوەندییەکانی لەگەڵ حکوومەتی بنغازی زیاتر کردووە کە لەلایەن میسر و وڵاتانی دیکەی ناوچەکە پاڵپشتی دەکرێت و تەنانەت ڕای گەیاندووە کە کونسوڵخانەی تورکیا لە بنغازی کە بۆ ماوەیەک داخرابوو، بەم زووانە دەکرێتەوە. هەردوو لا ڕایان گەیاندووە کە گەیشتوونەتە ڕێککەوتن لەسەر بەردەوامیی هاوکارییەکان بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردن لە لیبیا بە زووترین کات. بەڵام سەرەڕای ئەوانەیش، هێشتا ڕوون نییە کە ئایا تورکیا بەردەوام دەبێت لە ئامادەبوونی سەربازیی خۆی لە لیبیا و، هەروەها چی بەسەر ئەو ڕێککەوتنە دەریاییەدا دێت سەبارەت بە سنووردانانە

ئاوییەکان کە لە ساڵی ٢٠١٩ لەگەڵ لیبیا واژۆی کردووە. هەروەها چاوەڕوان دەکرێت ئەردۆغان و سیسی بابەتگەلێکی وەک جەنگی ئیسرائیل و حەماس و مەترسیی تەشەنەسەندنی گرژییەکان بۆ وڵاتانی دیکەی ناوچەکە و نێوەندگیریی بەردەوامی تورکیا لە نێوان سۆماڵ و ئەسیوپیا و گرژییەکانی سوودان تاوتوێ بکەن.

**سەرچاوە:**

https://www.bbc.com